# ناوی (کورد و موساد) پێکەوەکەوتەوەنێو ڕۆژنامەکانی جیهان

عامر سابیر

asabir79@hotmail.com

سەرۆکی پێشووی موساد (Meir Amit) له2009/7/17 لەتەمەنی 88 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەم پیاوەلەساڵی 1963 تا 1968 سەرۆکی موساد بوو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی، زۆربەی ڕۆژنامەکانی دنیا لەوانەGuardian و Telegraph ی بەریتانی، The New York Times ی ئەمریکی، Haaretz و The Jerusalem Post ی ئیسرائیلی و The Sydney Morning Herald ی ئوسترالی و ....هتد کورتەیەک لەژیانی (ئەمیت) و ئەو کارەگرنگانەی لەماوەی سەرۆکایەتی (موساد)دا ئەنجامی دابوو بڵاوکردەوە، لەوانەپەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کوردی عێراق، تیرۆرکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی مەغریبی، دزینی فڕۆکەیەکی MiG21 ی عێراقی وەدەوری لەشەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب ئیسرائیل لەساڵی 1967دا.



وینەی ئەرشیڤی موساد (سیخوڕەکانی موساد لە کوردستان لە 1968 بۆ 1974 لە چەپەوە بۆ ڕاست ١) مەسعود بارزانی کوری مەلا مستەفا بارزانی، نوینەرەکانی موساد ٢) Menahem Navot ٣) دکتوریکی کورد ٤) Zvi Zamir کە سەرۆکی موساد بوو لە ٦٨ بۆ ٧٤، ٥) Nahum Admoni سەرۆکی یەکیک لە بەشەکانی موساد کە دوایی بوو بە سەرۆکی موساد ٦) پیشمەرگەیەکی کورد)

1) موساد و بەکارهێنانی کورد:

ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی لە2009/7/22 دا نووسیویەتی (یەکێک لەیەکەم بڕیارەکانی ئەمیت لەساڵی 1964دا دروستکردنی پەیوەندی بووەبەکوردی عێراقەوە، هەرچەندەسنوری هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبووە بەڵام ئەمیت وەک دوژمنێکی مەترسیداری ڕژێمی عێراق بینیونی، دوای سەردانی بۆ لای سەرانی کورد ئەمیت بۆ دوو مەبەست بەڵێنی هاوکاری پێداون بەچەک و مەشقپێکردن یەکەمیان بەکارهێنانی وجودی هێزی ئیسرائیلی لەویَ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سوپای عێراقی وەدووەم **بۆ بەکارهێنانی کوردەکان** بۆ لاوازکردنی ڕژێمی عێراق).

وەرۆژنامەی The Sydney Morning Herald لەڕۆژی 2009/8/4 نووسیویەتی (ئەمیت پەیوەندی دروستکرد لەگەڵ کوردەکانی عێراق وە**ئەوانی بەکارهێنا** بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سوپای عێراق)

جا بزوتنەوەی دواکەوتووی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرۆکەخێڵەکییەکانی کەی بەکارنەهێنراون لەلایەن دەزگا جاسوسییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهانەوە. کەسێکی ئەکادیمیستی وەک (کەمال مەزهەر) وەسفی کتێبخانەی (ئەرشیڤی نیشتیمانی بەریتانیا) بە(بەهەشت) دەکات، کە دەچێت تیایدا ئەخوێنێتەوەو مێژووی ڕوودا و ئەو کارەساتانەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووەلەگەمەی زلهێزەکاندا ئەدۆزێتەوە لەدۆکیومێنتی وڵاتانی تردا. بەڵام کەمال مەزهەر و  هیچ تاکێکی تری کورد پێش چوونیان بۆ ئەو بەهەشتە، ئاگاداری گێڕانەوەو خوێندنەوەو شیکردنەوەی لایەنی کوردی نیین لەسەر هیچ کام لەو ڕووداو و دۆکیومێنتانە.

سەرانی بزووتنەوەی دواکەوتووی کوردایەتی لەڕابردووی دور و نزیکیاندا وەلەئێستا و لەداهاتووشدا، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت کەخەڵکی کوردستان ئاگاداربکەنەوە لەناوەڕۆکی هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێکەوتن و چاوپێکەوتن و سەردان و ئیمزایانەی بەناوی خەڵکی کوردستانەوەئەنجامی ئەدەن. شاردنەوەو ئاشکرانەکردنی ئەمانە،ئەگەر هۆکارێکی هەستنەکردن و نەزانینی ئەمانەبێت بۆ پێویستی و گرنگی و ئاگاداری هەرتاکێکی کوردستان لەهەموو ئەو شتانەی بەناوی ئەوانەوەدەکرێت، ئەوا لایەنێکی تری ئەوەیەکەئەم نوێنەرانەی بۆرژوازی کورد بەشاردنەوەی هەموو ئەو شتانە، ئەیانەوێت باڵای کورت و ناوەڕۆکی بۆشی خۆیان گەورەو گرنگ بکەن لەلای خەڵکی کوردستان. ئاخر ئەم سەرۆکەدواکەوتووانەی ناسیۆنالیزمی کورد بەردەوام لایەنی دۆڕاو و بەکارهێنراو و هەڵخەڵەتێنراو بوونەلەهەموو ئەو ڕێکەوتن و پەیمان و ئیمزاکردنانەدا.

2) موساد و دزینی مەهدی بن بەرەکەلەفەرەنسا

یەکێکی تر لەکارەکانی (ئەمیت) کەسەرۆکی موساد بوو، هاوکاریکردنی وەزیری ناوخۆی مەغریب (محەمەد ئوفقیر) بوو بۆ کوشتن و لەناوبردنی (مەهدی بن بەرەکە) کەسایەتییەکی چەپ و ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی دژی حکومەتی مەغریب بوو. موساد بەبەڵێنی درۆ مەهدی بن بەرەکەلەسویسراوەئەبەن بۆ فەرەنسا و لەوێ لە1965/10/29 ئەیدزن و وونی ئەکەن کەتا ئێستاش لاشەکەی نەدۆزراوەتەوە، پۆلیسی فەرەنسا لەلێکۆڵینەوەکانیدا پەنجەی تاوانی بۆ موساد و مەغریب و CIA ڕاکێشاوە. ئەم ڕووداوەکێشەیەکی گەورەلەنێوان حکومەتی فەرەنسا و ئیسرائیل و مەغریب دروست ئەکات و سەرۆکی فەرەنسا (Charles de Gaulle) بڕیاری داخستنی نووسینگەی موساد لەپاریس و دەرکردنی هەموو سیخوڕەکانی دەدات لەفەرەنسادا، ئەم ڕووداوەلەئاستی دنیادا شەرمەزارییەکی گەورە بوو بۆ (ئەمیت) ی سەرۆکی موساد، هەرچەندەحکومەتی ئیسرائیل ئینکاری دەکرد، بەڵام ئەمیت لەبەرانبەر تاوانبارکردنیدا لە ناوخۆیئیسرائیل ئەیووت کەبەئاگاداری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ( Levi Eshkol ) ئەو کارەی ئەنجام داوە.

تا ئێستاش ئەوە بەتەواوی‌دیار نییەکە ئایاموساد ئەو کارەی بۆ ئەنجام داوە، ئایا چی داخوازییەکی خۆی سەپاندووەبەسەر حکومەتی مەغریبدا لەپاداشتی ئەو هاوکارییەیدا، دیارەئەوەبێگومانەکەئیسرائیل لەناوبردنی کەسایەتییەکی بەنفوزی چەپی ناسیۆنالیستی عەرەب کەبەتوندی دژی ئیسرائیل بێت زۆر لەبەرژەوەندی خۆیدا دەبینێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەئەوەیەکەدزینی عەبدوڵا ئۆجەلان (لە1999/2/15 لەکینیا) لەلایەن میتی تورکیاوەبەهاوکاری موساد و CIA لەگەڵ دزینی مەهدی بن بەرەکەلەلایەن موساد و مەغریب و CIA دوو ڕووداوی زۆر هاوشێوەن.

3) <u>لەپاش شەش ساڵ هەوڵدان موساد فڕۆکەیەکی دروستکراوی سۆڤییەت ئەدزێت.</u>

کارێکی تری موساد لەدەورانی سەرۆکایەتی (ئەمیت)دا لەساڵی 1966 دزینی فڕۆکەیەکی جەنگی (MiG 21) ی عێراقی بوو کەدروستکراوی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کات بوو، فڕۆکەوانێکی عێراقی (مونیر ریدفە) کەمەسیحیەکی خەڵکی بەغداد بوو، لەبنکەیەکی سەربازی نزیکی موسڵ ئەو فڕۆکەیەدەبات و دەیگەیەنێتەئیسرائیل و هەر هەمان ڕۆژ موساد هەموو خێزانەکەشی بەقاچاغ دەردەکات لەعێراق. وەیەکسەر (مونیر) نیو ملیۆن پاوەند دەکرێتەحیساب بانکەکەیەوە.

سەرۆکی موساد کەساڵی پێشتر باری لاسەنگ بووبوو بەهۆی تیرۆرکردنی مەهدی بن بەرەکەلەفەرەنسادا، ئەم چالاکییەگەورەیەسەنگی ڕاستکردەوە و ئۆتۆریتەی بۆ خۆی و پۆستەکەی گەڕاندەوە. لەو کاتەدا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی (میسر، ئەردەن، سوریا، عێراق) فڕۆکەی MiG 21 ی ڕووسییان هەبووبەڵام ئیسرائیل لەبەرانبەردا فڕۆکەی F13 ی ئەمریکی هەبوو کەتوانایی هێندەی فڕۆکەڕوسییەکان نەبوو. ئیسرائیل و ئەمریکا بەدزینی ئەم فڕۆکەیەدواهەمین تەکنەلۆژیای سۆڤییەتیان کەوتەدەست، وەئیسرائیل لەشەڕی ساڵی 1967 سودی زۆری لەو فڕۆکەیەبینی بۆ تێکشکاندنی وڵاتانی عەرەبی.

4) <u>لەپێشدا دەستوەشاندنی ئیسرائیل و شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی 1967.</u>

ئەمیت وەک سەرۆکی موساد لەشەڕی عەرەب-ئیسرائیل لەساڵی 1967 (کەناسراوەبەشەڕی شەش ڕۆژە) دەوری گرنگی بینی لەسەرکەوتنی ئیسرائیلدا (کەلەڕۆژی دووشەم ڕێکەوتی 1967/6/5 تا 1967/6/10ی خایاند) سەرۆکی موساد (ئەمیت) چەند ڕۆژێک پێش شەڕەکەلە1967/5/30 دەنێردرێت بۆ واشنتن بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی ئەمریکا کەئەگەر ئیسرائیل هێرشی پێشوەخت (pre-emptive strikes) بکاتەسەر میسر، ئەو بەوەزیری بەرگری ئەمریکا (Robert MacNamara) ی وت هەموو ئەوەی ئێمەئەمانەوێت لەئێوەتەنها سێ شتە؛ یەکەم جبەخانەکانمان بۆ پڕبکەنەوە لەدوای شەڕ، دووەم لەنەتەوەیەکگرتووەکان UN یارمەتیمان بدەن وەسێهەم هەوڵی دورخستنەوەی ڕووسیا (یەکییەتی سۆڤییەت) بدەن لەکێشەکە. وەزیری بەرگری ئەمریکا پێی وت بەڕوونی و ئاشکرایی لەمەبەستت تێئەگەم، بۆ ئەمیت ئەم وەڵامەمانای دانی لایتی سەوز بوو تا ئیسرائیل بتوانێ هێرشی پێشوەخت بکات، ئەمیت ئەم هەواڵەگرنگەی کردەراپۆرتێک و ناردی بۆ کۆبوونەوەی نیوەشەوی کابینەی حکومەت کەلەماڵی سەرۆک وەزیران (Levi Eshkol) کۆببونەوە، ڕاپۆرتەکەی ئەمیت زۆر گرنگ بوو بۆ کۆبوونەوەکە، کەلەسەفەرەکەیدا سەرکەوتووبوو بەوەی ئەمریکای قانع کرد ڕازیبێت کەئیسرائیل دەستپێشخەری بکات لەهێرشی بۆ سەر میسر. بۆ ڕۆژی دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەکەی ئەمیت لە1967/6/5 ئیسرائیل هێرشی پێشوەختی دەستپێکرد.

سەرۆکی ئەوکاتی موساد (ئەمیت) لەوتارێکیدا لەیادی 25 ساڵەی ئەو هێرشەدا لەواشنتن وتی "مەڵێ شەڕی شەش ڕۆژەبڵێ شەڕی شەش سەعاتە" ئەمیت لەساڵی 1968 واز لەپۆستەکەی دەهێنێت و بەدوایدا Zvi Zamir دەبێتەسەرۆکی موسادکەئەوەتەلەوێنەکەی سەرەوەبەجامانەی کوردییەوەلەگەڵ مەسعود بارزانیدا وێنەی گرتووە.

2009/9/14

تێبینی: ئەم بابەتە پێشتر بەدوو بەشلەژمارە35 و 36ی بڵاوکراوەی (ئۆکتۆبەر) بڵاوکراوەتەوە